www.kurdistannet.org
24-3-2003 0:12

# شەڕی عیراق. داگیرکردن یان ئازادکردن

## قسەیەك لەسەر وێنەی ئەمریکا

توانا ئەحمەد

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەرك‌و پێویستی هێزو ئیسلامیە توندڕەو ئیرهابییەکان لەناو ستراتیژی کارکردنی ئەمریکا لەرۆژهەڵات دوای نەمانی هەڕەشەی کۆمۆنیزم، وێنەی ئەمریکاش لای خودی ئەو هێزانەو هەندێك لەو رژێمانەی پاڵپشتیان بوون لەوێنەی دۆستەوە بەرە بەرە بوو بەوێنەی دوژمن، بەڵام ئەم گۆڕانە هێندەی پەیوەست بوو بەرێککەوتنێکی تاکتیکی هێندە هەڵوێستێکی ستراتیژی نەبوو، واتە ئەوانە لەبوونی بۆشایی پاڵپشتێك بەدوای وێنەیەکدا دەگەڕان نەك هەر بۆئەوەی هێزێکیان پێببەخشێت، بەڵکو بۆئەوەی لەرێگەی ئەو مل ملانێیەی جیهان دابەشکردبوو، ئەوانیش بن بەبەشێك لەکێشەیەکی جیهانی، ئەم هەڵگەڕانەوەیەش پێش هەموو شتێك (١١)ی سێپتەمبەر وشەڕی ئەفغانستان‌و دواتر شەڕی عیراقی لێکەوتەوە، بەڵام باپرسین داخۆ بەراستی وێنەی ئەمریکا وێنەی هێزێکی دڕندەیە؟ یان خودی ئەو وێنەیە بەرهەمی سەیرکردنێکی ئایدۆلۆژی ودینیە بۆئەمریکاو بۆ دنیا؟ بێگومان ناکرێت ئەو وێنەیە (وێنەی ئەمریکا) لەو سەیرکردنە ئایدیۆلۆژیە جیا بکەینەوە کەهێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان جیهانی‌پێدەخوێننەوە، بەڵام بۆخودی ئەو سەیرکردنەی ئەوان دەبێتە سەیرکردنی شەقامی عەرەبی‌و رۆشنبیری عەرەبیش؟ ئایا ئەمە دەرەنجامی ئەوەیە کەخودی ئەو رۆشنبیریە لەخۆیدا ئامادەباشی موتوریەکردنی دنیابینیەکی لەو جۆرەی هەیە، یان ساتەوەختێکی تاکتیکی کۆی ئەو رۆشنبیریە دەحولێنێت ئاراستە دەکات؟ چونکە ئێستا لەناو رۆشنبیری عەرەبیدا رووبەرێکی زۆری قسەکردن هەیە لەسەر ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت عراق بکات بەدۆزەخێك؟

راستە ئەوانەی هێشتاش حوکمەکەی مەلا عومەرو بن لادنیان لەئەفغانستان لەئێستا پێ باشترە، ئەوانەی ئیمارەتی تالیبانیان وەکو نمونەیەك بۆ ژیاندنەوەی ئیسلام‌و ئەزموونی دەسەڵاتی ئیسلامی سەیر دەکرد، ئێستاش لەئاست تراژیدیاو نەهامەتییەکانی کەسەدام حسێن بەسەر عیراق‌و گەلی عیراقی داهێنا چاویان کوێر بێت، ئەوانەی خودی ئەو هێزە توندڕەوانە وەکو زیندوو بوونەوەی رۆحی عەرەبی‌و بەدیهێنانی خەونی پان عەرەبیزم سەیر دەکەن، ئەو درزە گەورەیە نەبینن کەسەدام حسێن کردیە خودی ئەو پرۆژەو خەونە عەرەبی، رەنگە برینی داگیرکردنی کوێت‌و لەگەڵێشیدا هەموو ئەو دەرەنجامە سامناکانە نەبینێت کەئێستاش هەر بەلۆژیکی ئەو سەرچڵیە دنیای عەرەبی‌و پەیوەندییەکانی عەرەب بەرێوەدەچن، هێشتا ئەو ئاڵۆزییەی ئەو داگیرکردنە دروستی کرد خاو نەبۆتەوە، کەچی هەندێك لەنوسەرانی عەرەب، دەخوازن لەپاڵ هەوڵی ئەمریکا بۆروخاندنی رژێمی عیراق، دیواری تەفسیرێك هەڵبچێنن کەهەموو تاوانەکانی رژێمی عیراق بەرامبەر بەعیراق‌و هەموو گەلی عەرەب بشارێتەوە، زۆر بەسەختی کار لەسەر ئەوە دەکەن کەهیچ ویستێك لەپشت هێرشی ئەمریکاوە نییە، جگە لەداگیرکردنی سەرچاوەکانی نەوت‌و لێدانی خەونی عەرەب‌و پارچە پارچەکردنی جیهانی عەرەب نەبێت، وەك ئەوەی تائێستا نەوتی عەرەب بۆرۆژئاوا دوورە دەست‌و دنیای عەرەبیش دنیایەکی یەکگرتوو بێت، بەر لەهەرشتێك ئەوەی وێنەی ئەمریکا چ بەداگیرکەر چ بەفریاد رەس ناودەنێت ئەوە عیراقییەکان، نەك ئەوانەی بەدرێژایی (٣٤)ساڵە بەدیار تراژیدیاو مەرگەساتی گەلی عیراق دانیشتوون‌و لەپشت بیانوو بەهانەی بێ ماناوە، پاکانە بۆخوێنرژێترین رژێم دەهێننەوە، ئەوانەی بۆساتێکیش نەیانوپست‌و ئامادە نەبوون گوێیان لەهاواری عیراقییەکان بێت.

ئەوانەی بەرامبەر سەرکوتکردن‌و توندوتیژی رژێمی بەعس لەعیراقدا بێدەربەست بوون، گەر ترسی جیابوونەوەی کورد و دەوڵەتی کوردی چاوی کوێرکردبن، ئەوی بۆکارەساتەکانی خودی عەرەبیان نەبینی، ئەی بۆوێنەی لاشەی ئەو هاوڵاتییە عیراقیانە کە لەبەرەی جەنگی عیراق- ئێران دەکەوتن‌و رژێمی عیراق رۆژانە لەتەلەفزیۆن بەخشی دەکردەوە نەیجوڵاندن، بۆنەیخستنە بەردەم ئەو پرسیارەی بۆئەم کوشتار؟ یان زەلیلبوونی سوپای عیراق لەدوای رزگارکردنی کوێت تەیهێنانە قسە، رۆشنبیریەك کە بەئاسانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو وێنەی پێنج هەزار قوربانی مەدەنی‌و ئەنفالکردنی سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسی بۆقووت بچێ، رەنگە ئاسانیش بێت ئەمرۆ بیەوێت شەڕی ئەمریکاو عیراقییەکان بەرامبەر بەبەعس، کورت بکاتەوە بۆئەوەی ئەمریکا هێزێکی

شەرانگێزی دنیایەو دەخوازی جیهان قووت بدات کە بە عیراق دەست پێدەکات، وەك ئەوەی عیراق بەهەموو دەرامەتو داهاتو بەشەرەکانیەوە بەعس قووتی نەدابێت. زیاد لەهەموو ئەمانەش باس لەوە دەکرێت کەئەمریکا دەیەوێت حوکمێکی سەربازی لەعیراقدا دابمەزرێنێت، پێش ئەوەی باس لەخودی ئەو قسەیە بکەین باش وایە کەمێك بەروردی سەیری خودی ئەزموونی ئەمریکا بکەین وەك ئەزموونێکی حوکمڕانی کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە یەك تاکە کودەتای سەربازی بەخۆیەوە نەدیوەو لەسەر بنەمایەك دامەزراوە کەحوکمی مەدەنی زاڵە بەسەر دامەزراوەی سەربازی، واتە کۆمەڵگایەکە هێزێکی مەدەنی کۆی ئەو دامەزراوە سەربازییە ئاراستە دەکاتو کۆنترۆڵی دەکات، هەتا لەساتە وەختە ناخۆشەکانیش ئەو کۆمەڵگایە ئەوەی فەرامۆش نەرکردووە کەنابێت کۆمەڵگای ئەمریکا بکرێتە کۆمەڵگای سەرباز، هەر لەشەڕی ناوخۆیی ئەمریکاوە تا دەگاتە جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم، واتە کۆمەڵگای ئەمریکاو ئەزموونی حوکمرانێتی تیایدا بەریتمێك دەڕوات کەدواجار سەرباز بەشێکە لەکۆمەڵگای مەدەنی، ئەمە سەبارەت بەناوخۆی ئەمریکا، سەبارەت بەدەرەوەی خۆیشی رەنگە نمونەی دوای جەنگی جیهانی دووەم و پرۆژەی (مارشاڵ) بۆدووبارە ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنەوەی ئەوروپا بەسبێت بۆئەوەی ئێمە بزانین ئەمریکا بەدوای چ جۆرە جیهانێك دا هەڵوەدایە، واتە ئەمریکا یەکێك بوو لەو هێزانەی دەیتوانی ئاراستەی دووبارە بەرهەم هێناوەی ئەورووپای دوای جەنگ بەئاراستەیەکی سەربازیدا ببات، کەچی دواجار لە دەرەنجامی پرۆژەی ئەمریکا ئەروپایەکی دیموکرات وکراوەو مەدەنی بەرهەم هات، بەڵام گەر بمانەوێت لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردو ئەم قۆناغەی ئێستامان سەیری ئەمریکاو چۆنیەتی دەستێوەردانی بکەین لەجیهان، رەنگە زەحمەت نەبێت کەبەو دەرەنجامە بگەین کە سوپای ئەمریکا هێندەی هێزێکی فریادرەسە هێندە بریتی نییە لەهێزێکی سەربازی رووت، بەتایبەتی لەناو خودی ئەمریکاو لەناو دامەزراوەی سەربازی ئەو وڵاتەدا ئاراستەو بیرو بۆچوونی زۆر جیدی هەبووەو هەیە بۆئەوەی سوپای ئەمریکا تەنیا بریتی نەبێت لەهێزێکی چەکدارو ئامادەباش بۆجەنگ، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا هێزێك بێت بتوانێت لەبواری مەدەنیو فریاگوزاریو یارمەتیدانی گەلان لەڕووی ئیسانییەوە رۆڵ ببینێت، هەمووشمان رۆڵی ئەمریکامان لەکۆسۆڤۆ هایتیو بۆسنەو هەرسك بینی. هەروەك (ئالین هولمز) یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆکاروباری پرۆسە تایبەتییەکانی پێشوو باس لەوە دەکات لەم ساڵانەی دواییدا، زۆربەی وڵاتان دەیانەوێت هەمان ئەزموونی ئەمریکا لەتیمەکانی کاروباری مەدەنی تاقی بکەنەوەو تیکەڵ بەهێزی سەربازی خۆیان بکەن، واتە هێزە تایبەتییەکانی ئەمریکا بۆکاروباری مەدەنی وەکو نمونە وەردەگرنو هەندێك خەڵکی خۆیان ناردووە بۆفێربوونو راهێنان، واتە سوپای ئەمریکا تەنیا سوبایەك نییە ئەرکێکی کوشتاری هەبێت، بەڵکو ئەرکێکی دیبکەش دەبینێت، کەئەرکی سوپایەکی مرۆڤ دۆستە، لەگەڵ خۆیدا نانو ئاوەدانکردنەوەو ئارامی دەبات، هەموو ئەوانەش رەنگە بۆئەوە بێت کەئەمریکا وەکو هێزێك بخاتەوە بەرچاوی جیهان کەدەتوانێت سەرکردایەتی ئەو دنیایە بکات کەدوای روخانی بلۆك بەندی هاتۆتەکایەوە، واتە ئەمریکا دەیەوێت هێزو لیاقەی خۆی لەهەموو بوارو دەرفەتێك بخاتە روو، وەك یەکێکیش لەگەورە بەرپرسانی ئەمریکا لەم دواییە باسیکرد ئەمریکا خوازیاری دووبارەکردنەوەی ئەزموونی داگیکردنو کۆلۆنیالزم نییەبە ماناکلاسیکیەکەی. لەگەڵ سەرکەوتنی ئەمریکاش وەکو هێزێك کەکاریگەری تەواوی بەسەر جیهانەوە هەبێت، بەرە بەرە ئەو ئەزموونە، ئەزمونی کۆلۆنیالزم بەرەو نەمان چوو، کەواتە گەر ئەمریکا لەعیراق باس لەحوکمی سەربازی بکات، ئەوا جێگەی مەترسی نییە، کەدەڵێم جێگای مەترسی نییە، بەو مانایەی لەلایەك قورسە بۆئەمریکا لەو کلتوورو نەریتەی خۆی هەڵگەڕێتەوە، لەلایەکی تریش بردنی دنیا بەئاراستەی بەسەربازکردن لەبەرژەوەندی ستراتیژی ئەمریکا نییەو وەك خۆیان باسی دەکەن، چونکە وەك باسمان کرد ئەزموونی ئەمریکا ئەزموونێکە لەسەر بنەمای هاووڵاتی- سەرباز بونیادنراوە، ئەی کەواتە ئەم هەموو ترسەی بەسەربازکردنی عیراق لەکوێوەیە؟ جگە لەوەش هەموو ئەوانەی باس لەمەترسی سەربازی ئەمریکاو مانەوەی دەکەن، بەدرێژایی مێژووی عیراق ئەو ئەزموونە سەرسەختەی عیراق نابینن لەبەسەربازکردنی کۆمەڵگاو نەهێشتنەوەی رووبەرێك لەدەرەوەی کۆنترۆڵو ئیرادەی حوکمی سەربازدا، بەتایبەتی لەسەردەمی بەعسدا کە بەچەندین شێواز کۆمەڵگای عیراقی بەسەرباز گەمارۆ درا، لەلایەك خودی حزبی بەعس دامەزراوەیەکی سەربازی

تایبەت بوو، هەموو ئەوانەی ئەندامی ئەو حزبە بوون دڕندەترین شێوەی سەرباز بوون، جگەلەوەی ئامرازیی کۆنترۆڵو چاودێریش بوون بەسەر ئەو پرۆسەیەوە، واتە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگا بۆسەرباز، جگە لەوەی کەرێژەی سوپا لەچاو ژمارەی دانیشتووان ڕێژەیەکی زۆر بووە، هەروا ناهاوسەنگی لەناوەوەی عیراقو پاوانکردنی دەسەڵات تەنها بۆبەعسو سەرانیانو قەدەغەکردنی هەموو ئازادییەك لەعیراقدا باعیسی بەسەربازبوونی عیراق بوو، سەرەڕای ئەوەش شەڕە یەك لەدوای یەکەکانی لەگەڵ کوردو ئۆپۆزسیۆنو ئێرانو کوێتو هاوپەیمانان تروسکاییەکی بۆکۆمەڵگای مەدەنیو دامەزراوەکانی نەهێشتەوە، هەر تاکێکی عیراقی وا گەمارۆ درابوو، گەر سەرباز نەبوایە، دەبوایە جەیشیی شەعبی یان ئەندامی حزب یان فتوەیان جاش یان تەدریبی سەیفی خوێندکاران یان هەر شتێکیتر بوایە کەچەکی پێبوایە، واتە کۆمەڵگەی عیراق سەراپا کۆمەڵگایەکی چەکداربوو، چەکداربوونێکیش کەنەدەچووەوە سەر هیچ مەرجەعیەتێکی سەربازی، هەریەکێك لەوانە ئازاد بوو لەکوشتنو سەرکوتکردنو گرتنو ڕاوە دونانی هەرکەسێك، واتە گەر کەسێك هەبوایە ئەو تۆرەچڕانەی بەچاکداربوون ڕزگاری ببوایە، ئیتر دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەدەمایە بۆژیان، جگە لەوەش هەموو ئەو بازگەو تیمانەی بۆدەستگیرکردنی ئەوانە هەبوون کە چەکدار نەکرابوون، ژیانی خەڵکی بێ چەکی کردبوو بە دۆزەخ، واتە بەدرێژایی ئەو حکومە دەرفەتێك لەبەردەم خەڵکی مەدنیدا نەبووە، نەك هەر بۆحوکمکردن یان بەشداربوون تیایدا، بەڵکو دەرفەتی تاکێکی ئاسایش وەکو کەسێك لەدەرەوەی ئەو پرۆسە سەراپاگیرەی چەکداربوون بوونی نەبوو، هەمووشمان ئەو تراژیدیانەمان بینی کە ئەو ڕەوتە بەسەر عیراقو گەلانی عیراقی هێنا، بەڵام هەموو ئەو بەسەربازیکردنەی عیراق نەبووە مایەی ئەوەی ئەوانەی ئەمرۆ فرمێسك بۆداگیرکردنی عیراقو حوکمی سەربازی ئەمریکا دەرێژن، تەنیا هەڵوێستێکیان لەرژێمی عیراق هەبێت، نەبووە مایەی ئەوەی ویژدانیان خەبەری بێتەوەو لەودیو شۆڤینیەتو دەمارگیری خۆیان قسەیەك بۆعیراقییەکان بکەن، ئەو دنیانییە وەك یەك سەیری توندو تیژیو کوشتنو تۆقاندن ناکات، پێی وایە ئەوەی سەدام کردویەتیو دەیکات شەرعیەتێکی نەتەوەییو دینیو... هتد لەپشتەوەیە، یان خوێنو نەتەوەو ستراتیژو بەرژەوەندی هاوبەش پاکانەی بۆدەکات، پێیان وایە هەر مردنێك بۆئەوە بێت مردنێکی پێویستە، واتە پێیان وایە پێویستە عیراقییەکان بۆسەدام بمرن، بۆگوللەکانی سەدام بوەستن، پەتی سێدارەی بکەنە گەردن، لەناو کیمیابارانەکانیدا بخنکێن، لەناو ئەنفالەکانیدا ئەتك بکرێنو لەناو لمستانی بیابانەکانیدا وشك ببنەوە وواز لەئازادییەکانیان بهێنن تەنیا بۆئەوەی تێزو بۆچوونەکانی ئەوان هەڵنەکەوێتەوە، تەنیا بۆئەوەی ئەمریکا وەك لەزهنی ئەواندا هەیە، نەیەتە وڵاتەکەیان، تەنیا بۆئەوەی ئەو خەونە شێواوەی ئەوان بەیەکێتییەوە دەبینن نەزرێت.

هەرچییەك بێت ئێستا عیراق کەوتوتە بەردەم ئیرادەی گۆڕان، گۆڕانێك کەتەنیا دەرەنجامی ویستی ئەمریکا نییە، بەڵکو دەرەنجامی کەڵەکەبوونی تاوانەکانی سەدامو خەونی گەلی عیراقە بۆگۆڕانو ئازادییو کرانەوە، هەموو ئەو مەترسییانەی باسیش دەکرێن، لەداگیرکردنو بەسەربازییکردن نەك هەر ئەوەی لێناکەوێتەوە، بەڵکو ئامادەی ئەمریکا پاڵپشتێك دەبێت هەم بۆڕاگرتنی باڵانسی حوکمی مەدەنی- فیدراڵی، هەم سەرەتاییەکیش دەبێت بۆئەزموونی حکومی مەدەنی لەسەرتاسەری ناوچەکەدا، چونکە چەمکی سەرباز لایئەمریکا تەواو جیاوازەلە چەمکیئەوان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org